www.kurdistannet.org
7-2-2007 18:53 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# نوسین و دوالیزمەیی، عارف قوربانی وەک نموونە ... خالید عەبدولکەریم حەمەلاو

هەڵبەت هەموو خوێنەرێك ڕەنگە ئەوەی لا مەبەست نەبێ بەتەواوی بچێتە نێو وردەکاریەکانی دەق و مەبەست و کاراکتەری ئەو دەقەی کە خوێنەرێتی،بژاردەیەك نەبی کە خوێنەرن ئەمانە ناسینی دەقەکە و کاراکتەرەکە مەبەستیانە،و باشتر لەوانە تێدەگەن کە نهێنی هەیە لە نوسینەکانیاندا،دەتوانین بڵێن ئەم دیاردەیە لەدوای ئەوە دی، ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیرە حیزبیەکان بەردەوام دەیدۆڕێنن لەبەرامبەر ئەوانەی مورەکەبی قەڵەمەکەیان بۆ موعاناتی ڕۆژانەی خەڵکی خەسار دەکەن،ئەو قەڵەمە حیزبیانە زۆر شەڕی شاردنەوەی ڕاستیەکانیان دەکرد،و تەنها مەبەستێکی ڕووتی حیزبیانە نەبی باکیان بە هیچ نەبووە و نی یە، ئەمەندە ناشرینیان کردە جوان و خیانەت بە قارەمان و جەهەننم بە بەهەشت،ئێستا وا خەریکە هەست بکەن ئەوان بەناشرین و نابوت لە مێژوودا ناسراون و قەڵەمەکەی خۆیان و ڕوپەڕی ڕۆژنامەکان باشترین شاهیدن،تێکشاندنی ئەوان بەرامبەر ڕاستیەکان بەڵگەنەویستێکە و ئەوەتا سەرەتای ئاگاداربوونیان بەم قۆناغە دەرکەوتووە،مەبەستی نوسینەکەم ئەوەیە بپرسم لەدوای چی ئەم نوسەرانە گەیشتنە قەناعەت ئێستا ڕەخنە لەو دیاردە نازانستی و بارودۆخە بێسەر و بەرەو بیرۆکراتی و گەندەڵیە دەگرن؟ خۆ ئەوان ئێستا و ڕابردووش هەر قەڵەمی حیزبن و حیزبیش خالیە لەو بەرنامانەی کە خزمەتی هاوڵاتیان و ئاوەدانی نیشتمان دەکات؟ ڕەنگە وەڵامی ئەم پرسیارە هەمدیس ئەوانە باشتر بزانن کە خوێنەری ناوەوەی دەق و کارەکتەرەکەین، منیش لەگەڵ ئەم تایەفە خوێنەرەد (ئەگەر بە هاوەڵی خۆیان بمزمێرن) پێموایە ئێستا هیچ گەندەڵی و ڕابردوو لێڵیەك لە خەڵکی وون نابێ و زوو ئاشکرا دەبی هەر دەسەڵات دارێك چەندە گەندەڵی کردووە و چۆن سەروەت و سامانی ئەم گەلە هەژارەی دزیوە،ئەم قەڵەمانە کە لە ڕابردوا نوسینەکانیان بەردەوام لە خزمەتی گەندەڵکاراندا بووە و ئێستا ئاغاکانیان لەبەردەم ئاوێنەی عەدالەتدا زۆر نابوتن و زۆریشیان، هەرچەندە بەچەپڵە عەفوو بکرێن بەڵام مێرابۆی خیانەتکارن و بەزیندووی ناسراون،ئەم تایەفە قەڵەمانەش ناتوانن کراسی عوسمان لەبەربکەن چونکە ناسراون، ئێستاخەریکە هۆنراوەی نارەزایەتی خۆیان دەچڕن. کاك (عارف قوربانی) سەردەمانی حیزبەکەی خاکی بکردایەتە ئاگر نەیدەگووت بقەیە، ئەگەرچی هەندی بەرهەمی سەبارەت بە ئەنفال هەیە ئەوانە جێگای خۆیان کردۆتەوە، و بە زیندویش دەمینن، بەڵام بێمەبەست دەیڵێم ئازیزم کارەساتی ئەنفال زۆر لە قەڵەم و حیزبیەکەی تۆ گەورەترە،تابتوانی پیشانی بدەی من ناڵیم نەتکردووە،کردوتە بەڵام لە سنووری بەرنامەی حیزبەکەتدا، و زۆر ئەکادیمیانەش نین، و جارجار لەپشتی مەبەستە نهێنیەکانتەوە هەوڵت داوە قارەمانەکانی پرۆسەی ئەنفال بێتاوان بکەی، بیرمە جارێکان لە ڕۆژنامەی هەواڵ دا حاشات لە تاوانبارێتی نزار ئەلخەزرجەی دەکرد، وەکو پێشتریش ووتم ئەو جۆرە قەڵەمانە بەدەست خۆیان نەبوو بەڵکو ئیشیان وەها بوو،من دڵنیام هیچ لەخەڵکی وون نابی و خێرا پاڵەوانی ڕاستەقینە دەردەکەوی، لەبیرمە ڕۆژێك چوین بۆ کۆڕێکی مەلابەختیار ئەوکات من لە سیی ناوەندی بووم مەبەستم تەمەنە، مەلا بە حەماسەوە قسەی دەکرد و بە موتڵەقی حوکمی بەسەر شتەکاندا دەدا و لای ئێمەش وامانەزانی ئەمە فەیلەسوفە و ناوی ئەفلاتۆنمان بیستبوو پێمان وابوو ئەو بوو، بەڵام لەگەڵ زەمەن دا و من و ئەوانەی مەلا و دەیان وەکو ئەویان بەئەفلاتۆن یاخود بە قارەمان دەناسی ئێستا دەزانین بە هەڵە حاڵی بووین. ئێستا بەڕێز قوربانی جگە لەوەی کادیرێکی کارای یەکێتی یە بەرپرسی ڕاگەیاندنی ئەو حیزبەیە لە کەرکوك، ناو بەناویش دێتە گۆ و ڕەخنە دەگری لە ڕەفتار و بەرنامەی سیاسەتی حیزبەکەی بە تایبەتی بەرامبەر کەرکوك، ئەگەر چی حیزب بۆ بۆشایی پڕکردنەوەی ناشیرنیەکانی نەبی ئەوەندە فەقیر نیە بهێڵی تۆ ڕەخنە بگری، وەکو چۆن لە ڕابردوودا حیزب شەڕی نەیارەکانی لە ڕێگەی ئێوەوە دەکرد ئێستاش ئیشی بەو جۆرە نوسینانەتانە،دەیکاتە بەڵگە بەسەر خەڵکی ترەوەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەمەش دەیەوی گرەوی ئازادی ڕۆژنامەنووسی بکاتە موزایەدە، ئەگینا چۆن دەهێڵێ وابکەن، ئەگەر هەر لاساربوون و بەتەواوی لە ژێر ڕکێف دەرچوون هەر هیچ نەکا گەندەڵیەکانتان ئاشکرا دەکا، چونکە بیرت نەچی بەرێزم گەندەڵی و ڕابردو تەڵخی لای ئێوەش دەباری، لەلایەکی ترەوە ئەم دیاردەیە کە سەری هەڵداوە و ئەم تایەفە قەڵەمە خاوەنین، هۆکارێکی تری هەیە، ئیستا پەردە هەڵدەماڵری لەڕووی ئەو قەڵەمانە کە دەستیان لەگەڵ حیزبدا تێکەڵ کردووە و مێژوویان تێکداوە، بەرامبەر بە پارووی چەور، گەندەڵیەکانیان ئاشکرا دەکری و ئەو سامان و داهاتە زەبەلاحەشیان دەخرێتە ژێر پرسیارەوە، وەکو چۆن ئیستا هەموو خەڵکی لە حەمە سەعید حەسەن، و ستران عەبدوڵلا و ... هتد تێگەیشتوون ئاوەها ئێوەش سرەتان دی، جا ئەو ڕەخنانە کە ئیستا دەیگرن هیچ لەو دێرانە ناسرێتەوە کە و یژدانی تیاد فرۆشراوەو پێم وایە بەو نوسینانەش نابنە هاوڕی و دڵسۆزی ئەو سایت و ڕۆژنامانە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.